# ئەو ساتانەی لێت تورە دەبم
# زیاتر خۆشم دەوێت

ئالان کەریم
alankaeim@yahoo.com

ئەزانی چەند لێت تورەم ؟

تورەم وەك تورە بوونی خوا لە ئەهریمەن

وەك توسۆنۆمی لەدەریا

من خەریکم لەداخی تۆ

مسیحەکەی کازانتزکی لە خاچ بەمەوە .

خەریکم وشەکانی مەسیح کەدەڵێت :

بەدوامدا بگەرێ دەمدۆزیەوە

کەدۆزیتمەوە خۆشت دەوێم

کە خۆشت ویستم خۆشم دەویت

کە خۆشم ویستی لە ناوت دەبەم

بەجۆریکی تر بنوسمەوە

من دڵنیام نەك تۆ بەڵکو زۆر لەتۆ زیرەکتریش لەم پەیڤەی مەسیح و لە وشەی (لەناوت دەبەم) تێناگەن ..

من دەزانم تۆ و ئەوانەی وەك تۆ بیردەکەنەوە ( لەناوبردن ) بە مانایەکی کەم دەخوێنەوەو نازانن لەناوبردن لەم پەیڤەدا واتا گەرانەوە بۆ لای پەروەردگار کەمن نامەویت تۆ پەروەردگاری من بی .

ناچارم پەیڤەکەی مەسیح بە لۆژیکێکی تر  بنوسمەوە و پێت بڵێم:

هەوڵبدە لەبیرم کەی

کە لەبیرت کردم لەبیرت دەکەم

وورده وورده دەنگەکانم لە گوێچکەتە کاڵدەبنەوە

کە کاڵبوونەوە دەنگی تۆش کاڵدەبێتەوە

ئەو کاتە یاری لەگەڵ ئەو بۆشاییە دەکەیت کە لەناختدا دروست دەبیت منیش هەروا

هەوڵدەدەیت بەڵام بۆت پرناکریتەوە

منیش بۆم پرناکریتەوە

کە بێ ئومێدبووین جارێکی دیکە بیرت دەکەومەوە

کەبیرت کەوتمەوە تۆش بیرم دەکەویتەوە

ئەمجارە بەراستی خۆشت دەوێم

کەخۆشت ویستم خۆشم دەویت

دووبارە لەناو یەکتری لەناوبردندا زیندوو دەبینەوە

کەزیندوو بووینەوە

قەت لەیەکتری جیا نابینەوە